The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
antigenocide@hotmail.com

# با ڕێگا لە کۆمەڵکوژی گەلی کورد بگرین

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، کاتێک کە جەماوەری گەلی کوردمان لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی ڕۆژهەلاتدا، بۆ پشتگیریکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان ڕژانە ناو شەقامەکانەوە و خۆشحالّی خۆیان بەرامبەر بە دەسکەوتەکانی گەلی کوردستانی باشوور دەربڕی، دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمی ئێران بە ئاگرو ئاسن وەلامیان دانەوە و چەند کەسێکیان شەهید، دەیانیان بریندار کرد و ژمارەیەکی زۆریشیان لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە بەندینخانە تاریکەکاندا توند کرد.

هەر دووابەدووای ئەم ڕووداوانە، ئەمجارەیان ڕژێمی سووریا قەسابخانەیەکی بۆ گەلی کورد لە شاری قامیشلی کوردستانی ڕۆژئاوا (باشووری بچووک) ئامادەکرد و سەدان کەسی لە گەلی کوردی مافخوراوی ئەو بەشە لە کوردستان شەهید و بریندار کرد و سەدانیشی خستە زیندانەکانەوە. ئەم ڕووداوە تەنها لە کوردستاندا نەمایەوە و کوردەکانی دیمەشقی پایتەختی سووریا و شارەکانی تریشی گرتەوە.

ئێمە لە کاتێکدا بە توندی ئیدانەی ئەو ڕەشەکوژییانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات دەکەین لە هەمان کاتدا داوای بەرەلاکردنی گشت گیراوەکانیش دەکەین.

ناوەندی هەڵەبجە داوا لە گشت پارت و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری و ڕۆشنبیری و پیشەیی و مرۆڤدۆست و مافناس و مرۆییەکانی تر دەکات کە ئیدانەی ئەو ڕەفتارە فاشیستییانە بکەن و مەترسیی ئەو قەسابخانەیە کە بۆ کورد ئامادەکراوە بە گشت جیهان ڕابگەیەنن و بەشداری لەو خۆپیشاندان و چالاکییەکانە بکەن کە بۆ ئەم مەبەستە ڕێک دەخرێن.

داوا دەکەین کە لێکوڵینەوەیەکی بە پەلە لەو ڕووداوانە لە لایەن دەزگا مرۆڤدۆست و مافناسە نێودەوڵەتییەکانەوە، بە بێ دەستێوەردانی ڕژێمەکان و دارودەستەکانیان ئەنجام بدرێت و تاوانباران سزای توند بدرێن و ڕژێمەکانی ناوچەکەش پەیمانی دووبارەنەکردنەوەی ئەو قەسابخانانە بدەن.

www.kurdistannet.org

ئێمە لە کاتێکدا سەری ڕێز بۆ شەهیدانی ئەو قەسابخانانە دادەنەوێنین و هیوای چاکبوونەوەی خێرا بۆ بریندارەکان دەخوازین، لە هەمان کاتدا دووپاتی دەکەینەوە کە ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاک)، سەنگەری بەرگرییە لە گەلی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان و لە هەر کونجێکی تری جیهاندا، کاتێک کە هەڕەشەی بە کۆمەڵیان لێ دەکرێت و ڕووبەڕووی شاڵاوی کۆمەڵکوژی دەبنەوە. ناوەندی هەڵەبجە ئیدانەی هەر هەوڵێک و ڕیسوای هەر لایەنێکی داگیرکەر و تیرۆریست دەکات کە بیەوێت کارەساتێکی تری وەک هەڵەبجە بەسەر گەلی کورددا بهێنێت. بە کردەوەش ئامادەی هەر هاوکارییەکە و تەنانەت دەسپێشخەریش دەکات.

**نەمری بۆ شەهیدان**

**مردن و ڕووڕەشی بۆ تیرۆریستان**

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینوسایدی گەلی کورد (چاک)**

**2004/03/14**

www.kurdistannet.org